# رۆژی یەکی ئایار لە سویسرا



**وێنەی خۆپێشاندانی 1 ئایار / زوریخ**

لە وولاَتی سویسرا وەک تەواوی ولاتانی دنیا یادی رۆژی یەکی ئایار کرایەوە ، ئەم ساڵ جیاواز لە ساڵانی تر ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک بەژداریان تیاداکرد ،کۆمیتەی سویسرای حیزی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کۆنگرەی ئازادی عێراق زۆر چالاکانە لە یەکی ئایار لە شارەکانی زوریخ وستگاڵن بە ژداریان کرد .
لە شاری زوریخ کۆمیتەی یەکی ئایار 3 رۆژی بۆ ئەم یادەتەرخانکردبوو ، **مێز کتێب** و وێنەکانی **مارکس** و **مەنسور حیکمەت** کە لەسەر خیمەی حیزب دەشەکانەوە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا، گروپی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ پشگیری لە کەمپینی جیهانی دژ بەرەشەکوژی و بەردباران کردنی ژنان لەکوردستان .کەلە لایەن شارا عەزیزو پەیمان کەریم وە سەرپەرشتی داکرا توانیان روداوی نامرۆڤانەی کۆشتنی دوعا بە هەزاران کەس کە لە یەکی ئایار بەژدار بوون بگەیەنن، ژمارەیەکی زۆر ئیمزای ریکخراو کەسایەتی سویسریی و نەتەوەکانی تر کۆبکەنەوە . هەروەها بەیاننامەی حیزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە بلاو کرایەوە.

لە شاری ستگاڵن یادی یەکی ئایار کرایەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خەڵکی ئەم شارە بەژداریان تێداکرد وتاری کۆنگرەی ئازادی عێراق لە لایەن سەردار حامید وە خوێندرایەوە کە باسی لە رەوشی ناهەمواری عێراق و شەڕ و داگیرکاری ئەمریکا لە ناوچەکەدا و زەرورەتی پشتگیری بەرەی چەپ و پێشکەوتوخوازی سویسرا لە کۆنگرەی ئازادی عێراق بۆ نە جات دانی خەڵکی عێراق لە بەلاَی داگیر کاری ئەمریکاو هێزە کۆنە پەرستەکان بە کاری هەرئێستای زانی ، شایەنی باسە خۆشحالَی و چەپڵەی ئامادەبوان لە بونی بەرەیەکی پێشکەوتوخواز لە کۆمەڵگای عێراقدا ، بۆ ئێمە جێگەی شانازی بوو
کۆمیتەی سویسرای/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
نوێنەرایەتی/ سویسرای کۆنگرەی ئازادی عێراق

2.5.2007




**وێنە ی / سەردار حامید لە یەکی ئایار ستگاڵن**